ئەم بابەتە لە بەرواری 2014/06/07 لە لایەن م.محمدرافع لە شاری هەولێر گوتراوەتەوە و لەلایەن دۆستان و قوتابییەکانی نووسراوەتەوە و بڵاوکراوەتەوە.

## لە خزمەت پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) لە نێو قورئان

## مێژووی قوناغەکانی پێغەمبەرایەتییەکان

**پێغەمبەران لە ساتی جووڵەیان لەگەڵ نەتەوەکانیان بە چی گەیشتوون؟**

**و ڕۆڵیان لەگەڵ نەتەواکانیان چی بووە؟ و پێغەمبەرمان(علیە السلام و البرکات) ڕۆڵی چی بووە لەگەڵ نەتەوەی خۆی لە نێو قورئان و لە نێو فەرمووده؟ پێغەمبەران لەلایەك و پێغەمبەری ئێمەش لە لایەك ئایا کامەیان بە ناچاری بەرگری لەخۆی کردووە؟ چۆنییەتی خستنەڕووی خاڵە ئەرێنیی و نەرێنییەکان لەلایەن پێغەمبەران؟**

**ئەم ئایاتانەی پێغەمبەران و پێغەمبەری ئێمە(علیهم السلام) هێناویانە خوێنراوەیە یان بیسراو وبینراوەیین؟ کاتێك خودا نەتەوەکان بە کوێر ناو دەبات مەبەستی چییە؟ کرداری نەتەوەکانی پێشوو و پەرچەکرداری پێغەمبەرەکانیان چۆن بوو؟ پێغەمبەران داوای سزادانی نەتەوەکانی خۆیان کردووە و لەبەرامبەردا پێغەمبەرمان داوای چی کردووە؟ ئەو ئایەتانە چین کە نەتەوەکان بەدرۆیان هەژمار کردووە؟**

**شاکاری هەڵوێستە مەزنەکەی پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) لە بەرامبەر سەرۆکی دووڕووان چۆن بوو؟ ئەو ئامێرانەی توانای بینین(رؤیة)یان هەیە لە جەستەی مرۆڤ و پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) چین؟ هەڵوێستی پێغەمبەر(علیە السلام و البرکات) لە بەرامبەر ئیماندارانی نەتەوەکەی چۆن بووە؟**

لە باسەکانی چوونە خزمەت پێغەمبەرمان(علیە السلام و البرکات) لە نێو قورئاندا گووتمان خودای ڕەحمان باسی (أنبیاء و تفضیل الأنبیاء)ی کردووە، پێغەمبەرانیش (الأنبیاء)مان وا پێناسەکرد کە خەڵکانێکی بەهەشتین و خودای ڕەحمان لۆئەوەی داناون ئەوان بین بە هۆکاری بەهەشتی خەڵکی دی، هاتوون و پەیامیان هێناوە و بە خەڵکیان ڕاگەیاندووە ئەگەر هاتوو خەڵکی گوێڕایەڵی ئەو پەیامەی خودای ڕەحمان بن، ئەوا خەڵکەکە هەمووی دەچنە بەهەشتەوە، کەواتە ئەم خەڵکە بەهەشتییە ئەوانیش ئەگەر گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکان(علیهم السلام) بوون لە ساتی جووڵەی (أنبیاء) لەگەڵ ئوممەتەکانیان و بە گوێرەی پانتایی دابەزاندن و جێبەجێکردنی چەمکەکانی پەیامەکەی خۆیان لۆ ئەرزی واقیع جیاکارییەکی جۆریی دروست بووە، ئەم جیاکارییەش خودای ڕەحمان لە قورئاندا ناوی ناوە بە بەباشترزانینکاریی(التفاضل)، کە لە بابەتی ڕابردوو باسی ئەو بەباشترزانینکارییەمان کرد.

ئەوەمان خستەڕوو کە (نبوة) بە چوار قۆناغ تێپەڕیوە وەك لە سوڕەتی (آل عمران) دەردەکەوێت: (إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحاً وَآلَ إِبْرَاهِيمَ وَآلَ عِمْرَانَ عَلَى الْعَالَمِينَ * ذُرِّيَّةً بَعْضُهَا مِن بَعْضٍ وَاللّهُ سَمِيعٌ)(آل عمران33-34) قۆناغەکانیش:

1- یەکەم قۆناغ بە ئادەم(علیە السلام) دەست پێ دەکات بە تەنیا.

2- لە قۆناغی دووەم باسی پێغەمبەر نوح(علیە السلام) بە تەنیا.

3- ئینجا لە قۆناغی سێیەم باسی (آل إبراهیم) دەکات کە پۆلێك لە (أنبیاء) لەخۆ دەگرێت.

4- دوا قۆناغیش (آل عمران) باس دەکات، ئەوانیش کۆمەڵێکن لە (أنبياء و المرسلين).

لێرەدا پۆلێك لە (أنبياء) هەڵدەبژێرین، ئەوە دەیخەینەڕوو کە ئەو کۆمەڵە پێغەمبەرانە لە ساتی جووڵەیان لەگەڵ نەتەوەکانیان پێی گەیشتوون، هەروەها ڕۆڵیان لەگەڵ نەتەوەکانیان چی بووە، ئەمە لە لایەك، و ئینجا پاشان دێینە خزمەت پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات)، لە نێو قورئان و لە نێو فەرموودە تا بزانین ڕۆڵی چی بووە لەگەڵ نەتەوەی خۆی.

خودای ڕەحمان لە قورئان لە دوای پێغەمبەر ئادەم(عليه السلام) باسی پێغەمبەر نوح(عليه السلام) دەکات و دەفەرمووێت: (لَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ فَقَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللَّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ * قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ)(الأعراف59-60)، ئەمە گفتوگۆی نوحە وەکو پەیامبەرێك لۆ نەتەوەکەی، ئامانجی نوح(عليه السلام) تەنها پەرستنی یەك خودایە، ئەویش (الله)یە، بەڵام ئەگەر ئاواتان نەکرد چی دەفەرمووێت؟ (إِنِّيَ أَخَافُ عَلَيْكُمْ عَذَابَ يَوْمٍ عَظِيمٍ) بەڵام وەڵامی هۆزەکەی چی بوو؟ کاتێك وەڵامیان پێچەوانە بوو و بەم جۆرە وەڵامیان دایەوە (قَالَ الْمَلأُ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي ضَلاَلٍ مُّبِينٍ) ئەویش وەڵامی هۆزەکەی دایەوە، بەڵام بە ناچاری دەبێ بەرگری لەخۆی بکات (قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي ضَلاَلَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ) ئیشم چییە؟ (أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ)(الأعراف61-62) ئەگەر سەیری ئایەتەکە بکەین، ئایا لەبەرچی خودای ڕەحمان ئەم وشانەی پێشخستووە؟ دیارە دەروونی مرۆڤایەتی بەر لە هێرشکردنە سەری و بەر لە خستنەڕووی خاڵە نەرێنییەکان دەبێ خاڵە ئەرێنییەکانی لۆ بخرێتەڕوو، واتە دەبێ ئەرێنییەکان وەکو زەمینەیەك بخرێتە بەردەمی، ئینجا ئەگەر گوێی بە خاڵە ئەرێنییەکان نەدا ئینجا ئەوکاتە خاڵە نەرێنییەکانی لەبەردەم بخرێتەڕوو، بەمانایەکی دی ئەگەر هاتوو لەدوای ئەوەی خاڵە ئەرێنییەکانی خرا بەردەم و قەبوڵی نەکرد لەگەڵ پێداگرییەکی پێشوەختەی، ئەو کاتە خاڵە نەرێنییەکانی دەخرێتە بەردەم، کاتێك ئەو وای گووت، ئەوان یەکسەر وەڵامیان دایەوە و باسی گومڕایی (ضلال)یان کرد، و گووتیان تۆ لە نێو گومڕایی دایت! بەمجۆرە بەرگرییان لەخۆیان کرد، کەواتە هەردوولایەن هاوسەنگن و یەکسانن، ئەمجارە دەبێ پێغەمبەر نوح شتێکی بەهێزتر بێنێت، تاکو ئەوەی ئەوان هێناویانەتە ئاراوە ئەو بیرەوێنێتەوە و لەناوی ببات، لەبەرئەمە دەفەرمووێت: (وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ) ئیشم چییە؟ (أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَأَنصَحُ لَكُمْ وَأَعْلَمُ مِنَ اللهِ مَا لاَ تَعْلَمُونَ)(الأعراف61-62)، ئەمە هەڵوێستی نوح (عليه‌السلام) بوو، پاشان وەسفی خۆی دەکات و دەفەرمووێت: (أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَلِتَتَّقُواْ وَلَعَلَّكُمْ تُرْحَمُونَ * فَكَذَّبُوهُ فَأَنجَيْنَاهُ وَالَّذِينَ مَعَهُ فِي الْفُلْكِ وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْماً عَمِينَ)(الاعراف63-64)، لێرەدا وشەی نقومکردن (إغراق) هەیە، واتا نەتەوەکەی وەڵامیان نەبوو، پێغەمبەرەکە بوو بەهۆی ئازاردانیان، لەهەمان کاتیش ئەو دەرهێنرا و پارێزرا و دەرهات لە بابەت (إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْماً عَمِينَ) دەپرسین لەبەرچی ئایاتی هێنابوو؟ ئایاتێکی بینراویی و ئایەتێك بەهۆیەوە خودای خالقیان پێ بناسن، ئەویش لە ڕێگەی (سمع و بصر و فؤاد)یان ئیش پێبکەن، لەبەرئەوەی ئەوان (سمع و بصر و فؤاد)یان بەگەڕنەخست، کەواتە ئایەتەکە بیسراویی و بینراوییە(مرئية و مسموعة) بەچاو و بە گوێ هەستی پێدەکرێت، نەك قورئانێك و پەرتووکێك بێت و پێغەمبەر نوح هێنابێتی و ئەوانیش خوێندبیان و پێوەی پابەند نەبووبن، کاتێك باسی ئایەتێك دەکرێت دەبێ بەچاو ببیندرێت، ئەو چاوەی کە پێویستە ئەوان بە ئیشی بخەن، بەڵام کە ئەوان بە ئیشیان نەخست، ئەوا خودا بەم جۆرە وەسفیان دەکات: (وَأَغْرَقْنَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ **بِآيَاتِنَا** إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْماً **عَمِينَ**)(الاعراف64) لەم ئایەتەوە دەردەکەوێت کە ئەم کوێرایەتیی (عَمِينَ)ە پەیوەندیدارە بەم وشەی (**بِآيَاتِنَا**)ی هەمان ئایەت، بەڵام نەك مانای وابێت کە ئەوان ئایەتەکانیان بۆ نەخوێنرایەوە، نەخێر بەڵکو ئایەتەکانیان

نەبینی و بە (بصر) تەماشای ئایەتەکانیان نەکرد، و ئەگەر پەیوەندی بە خوێندنی پەرتووك و پەیامەکان هەبێت، ئەگەرهاتوو کەسەکە چاوەکانی نابیناش بێت لەم حاڵەتەدا بابەتەکەی لۆ بگووترێت ئەوا هەستی پێ دەکات، بەڵام بە بەکارنەهێنانی (سمع و بصر) و لەبەرئەوەی ئەو ئایەتانەش هەموو تەندار و بەرجەستەن و کاتێك ئیشیان لەسەر چاوی خۆیان نەکرد ئەو چاوە نەچووە نێو دەماغ (فؤاد)یان و بە ئایەتیش ڕەچاو (إعتبار)یان نەکرد و بە خودایان گرێنەدایەوە، لێرەدا خودای ڕەحمان ئەمەی بە کوێریی (عمی) ناوزەد دەکات، (إِنَّهُمْ كَانُواْ قَوْماً عَمِينَ)(الاعراف64).

پێغەمبەرێکی دی هود(عليه السلام) (وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ)(الأعراف65) لە شوێنی دی باسی ئەم وشەی (تقوی)یەمان کردووە و گووتومانە پەیوەندی نییە بە شەونوێژ و پەیوەست نییە بە (تسبیحات) بەڵکو هەر لەبنەڕەتدا پەیوەندی نییە بە پەرستشەکان، پێناسەی (تقوی) بریتییە لە (دابەزاندنی وشەکانی خودای ڕەحمان لەسەر مەخلوقاتی خودا بە گوێرەی ویستی خودا)، کاتێك ئەمە کرا ئینجا پەرستشەکان دێت، (وَإِلَى عَادٍ أَخَاهُمْ هُوداً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ أَفَلاَ تَتَّقُونَ{65} قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ إِنَّا لَنَرَاكَ فِي سَفَاهَةٍ وِإِنَّا لَنَظُنُّكَ مِنَ الْكَاذِبِينَ{66} قَالَ يَا قَوْمِ لَيْسَ بِي سَفَاهَةٌ وَلَكِنِّي رَسُولٌ مِّن رَّبِّ الْعَالَمِينَ{67} أُبَلِّغُكُمْ رِسَالاتِ رَبِّي وَأَنَاْ لَكُمْ نَاصِحٌ أَمِينٌ{68} أَوَعَجِبْتُمْ أَن جَاءكُمْ ذِكْرٌ مِّن رَّبِّكُمْ عَلَى رَجُلٍ مِّنكُمْ لِيُنذِرَكُمْ وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)(الأعراف65-69) (کاتێك دەفەرموویت: (فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ) ئەمەی هەروەکو وشەی ئایاتی پێغەمبەر نوح(عليه السلام)ە، هەمان وشەیە بەڵام بە شێوازێکی دی، هود(عليه السلام) دووبارەی دەکاتەوە، هەمان شت دەڵێت، وەکو ئەوانەی پێش ئێوە بوون، (إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ) واتە نەتەوەکەی نوح ئەوانیش بوونە کۆمەڵێك ئایات، ئەوانیش جێماوەکانیان و و ڕێگەی لەناوچوونیان ئایاتن، واتا ئایاتێك هەبوو بینراو بەڵام نەتەوەی نوح سوودمەند نەبوون لێی، و لەسەری پازیان دا، ئینجا کاتێك پێغەمبەر هود هاتووە جگە لە ئایەتە مەخلوقییەکان مەسەلەی نەتەوەی نوحیش دەکاتە ئایەتێك (وَاذكُرُواْ إِذْ جَعَلَكُمْ خُلَفَاء مِن بَعْدِ قَوْمِ نُوحٍ وَزَادَكُمْ فِي الْخَلْقِ بَسْطَةً فَاذْكُرُواْ آلاء اللّهِ) کەواتە ئەو (آلاء)ە پەیوەستە بەم خەلقەی کە زۆرجار باسمان کردووە و گووتومانە پێغەمبەران (الأنبياء) بە قیرائەی ئایاتی مەخلوقەیان هێناوە، قیرائەی ئایاتی مەخلوقە دەبێتە هۆکاری تەقواکردن، واتا دابەزاندنی وشەکان و تێڕوانینی خودای ڕەحمان، بە گوێرەی ویستی خودای، لەسەر مەخلوقاتی خودای، لۆئەوەی بە کرەییانە بە خالیق و باريء دەربچێت، بە داخەوە ئەوانیش کە جێبەجێیان نەکرد، لۆیە تەنیا هەر جێماوەیان مایەوە، بە هەمان شێوەی نەتەوەکەی نوح، بەڵام وەڵامیان چی بوو؟ (قَالُواْ أَجِئْتَنَا لِنَعْبُدَ اللّهَ وَحْدَهُ وَنَذَرَ مَا كَانَ يَعْبُدُ آبَاؤُنَا فَأْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الصَّادِقِينَ)(الأعراف70) بەداخەوە ئەو وەڵامیانی بەچی دایەوە (قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ)(الأعراف71) ئەم پێغەمبەرە (أستغفار)ی لۆ نەکردن! هود(عليه السلام) یەکسەر بەگوێرەی حاڵەتی ئەوانەوە وەڵامی دانەوە، (قَالَ قَدْ وَقَعَ عَلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ رِجْسٌ وَغَضَبٌ أَتُجَادِلُونَنِي فِي أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَآؤُكُم مَّا نَزَّلَ اللّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ فَانتَظِرُواْ إِنِّي مَعَكُم مِّنَ الْمُنتَظِرِينَ)(الأعراف71) ئەمە هەڕەشەیە، ئەنجامی نەتەوەکەشی بەم شێویە بوو کە زانراوە، ئەگەر سەیری گفتووگۆی پێغەمبەرەکە بکەیت لەگەڵ نەتەوەکەی و هەڵوێستی ئەوانیش بە چ جۆرێك بوو، وەك ئەوە دەردەکەوێت کار و پەرچە کردار لە گۆڕەپانەکە هەبێت، کرداری نەتەوەکەی بەم جۆرەیە کە یەکسەر کاریگەری دەخاتە سەر پێغەمبەرەکەیان، ئەویش بەم جۆرە بێ، ئەمە لەلایەك، کاتێك دەچینە خزمەت قورئان بەم جۆرە باسی پێغەمبەران ونەتەوەکانیان دەخاتەڕوو. وا باشە کاتێك دەچینە خزمەت پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) لە قورئان ئەم هەڵوێستانەمان لە یاد بمێنێت.

ئەگەر بچینە خزمەت باسی پێغەمبەرێکی تر لۆ نموونە صالح(عليه السلام) دەفەرمووێ ئەگەر بەم جۆرەتان نەکرد! هەمان شێوازی پێغەمبەری پێشترە، دەفەرمووێ(بينة) ئەم وشەیە لە قورئان واتە ئەگەر نزمترین ئاستی هەستی لۆ بەکاربهێنرێت ئەوا هەستی پێ دەکەیت، زۆرجار لەلایەنی ڕامیاری بەیاننامەیەك (بيان) دەردەچێت، لەبەرچی دەڵێت (بيان)؟ لۆ نموونە بەیاننامەی کۆمەڵایەتی یان سەربازی یان ڕامیاری، لەبەرچی دەڵێت (بيان) چونکە دەبێ هەموو کەسێك تێیبگە، تەنانەت مرۆڤە (شێت و نەزان)ەکانیش هەموو ئەوانەش هەست بکەن، ئەمەیە (بينة)، لە کێ هاتووە؟ (من ربكم) ئەوتا نوح(عليه السلام)یش باسی ئایاتی دەکرد، ئەو کەسەی ئەو چاوانەی بە ئیش نەخست پێی گووتن (عمين)، هودیش(عليه السلام) هەمان شت، ئێستا ئەمە باسی پێغەمبەر صالحە، ئەویش شتەکان دەکاتە ئایاتێك، ئاگاداریان دەکاتەو ئەمانە هەمووی پاشماوەی خانوو و کۆشکەکانیانە! پێغەمبەری پێشوو باسی (تقوى)ی کرد و باسی ئایاتی کرد، کەواتە تەقوایەکە بریتییە لە چۆنییەتی مامەڵەکردنی (سمع و بصر)، هەمان ئەو (بينة) بە (آية) ناوی هێناوە، ئەگەر هاتوو ئەو (بينة)یە بەکارنەهێنرا، کەواتە ئەنجامی دەبێتە ئازار(عذاب). لەبەرئەمەشە ئێمە بڕوامان وایە کە (اقرأ) لۆ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) لۆ خوێندن نەهاتووە، بەڵکو بەکارهێنانی (سمع و بصر فؤاد)ە لۆئەوەی بە کردەیی مرۆڤەکان نەگەن بەم ئازارە بە ژانە، جا صالح(عليه السلام) لەگەڵ نەتەوەکەی بەم جۆرە قسەی کردووە. بەڵام کاتێك دەچینە خزمەت پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بزانین چی فەرمووە کە دواتر دێینە سەر باسەکە، سەیری باسی صالح(عليه السلام) بکەین، (قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لِلَّذِينَ اسْتُضْعِفُواْ لِمَنْ آمَنَ مِنْهُمْ أَتَعْلَمُونَ أَنَّ صَالِحاً مُّرْسَلٌ مِّن رَّبِّهِ قَالُواْ) وەڵامیان چی بوو؟ (إِنَّا بِمَا أُرْسِلَ بِهِ مُؤْمِنُونَ)(الأعراف75) ئەوان چییان گووت؟ (قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ إِنَّا بِالَّذِيَ آمَنتُمْ بِهِ كَافِرُونَ)(الأعراف76) (فَعَقَرُواْ النَّاقَةَ) ئایەتەکەیان لەناوبرد (وَعَتَوْاْ عَنْ أَمْرِ رَبِّهِمْ وَقَالُواْ يَا صَالِحُ ائْتِنَا بِمَا تَعِدُنَا إِن كُنتَ مِنَ الْمُرْسَلِينَ{77} فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ)(الأعراف77-78) پێغەمبەرەکەش لەوێیە! (فَتَوَلَّى عَنْهُمْ) بە دوور کەوتەوە (وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالَةَ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ وَلَكِن لاَّ تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ)(الأعراف79)، بە هەمان شێوەیەی پێغەمبەرانی پێشوو ئەو پێغەمبەرەش لۆ نەتەوەکەی خۆی هیچی پێ نەکرا، ئازارەکەشیان هاوشێوەی ئەو گوناهەی بوو کە ئەنجامیان دا، ئەزیەتیان خوارد، لەدونیا بەم جۆرە و لە ڕۆژی فەسڵانیش هەمان حاڵیان تووش دەبێتەوە (فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ)(الأعراف78).

پێغەمبەرێکی دی لەدوای دێت ئەویش لوط(عليه السلام)، (وَلُوطاً إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِ أَتَأْتُونَ الْفَاحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّن الْعَالَمِينَ{80} إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ الرِّجَالَ شَهْوَةً مِّن دُونِ النِّسَاء بَلْ أَنتُمْ قَوْمٌ مُّسْرِفُونَ{81} وَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِ إِلاَّ أَن قَالُواْ أَخْرِجُوهُم مِّن قَرْيَتِكُمْ إِنَّهُمْ أُنَاسٌ يَتَطَهَّرُونَ{82} فَأَنجَيْنَاهُ وَأَهْلَهُ إِلاَّ امْرَأَتَهُ كَانَتْ مِنَ الْغَابِرِينَ{83} وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهِم مَّطَراً فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُجْرِمِينَ)(الأعراف80-84)، لە چ کاتێك ئەو بارانەیان بەسەردا داباری؟ لە ئەنجامی دوعاکردنی لوط(عليه السلام) بوو، یەکسەر نەتەوەکەی سزا دران، وەك داوای کرد (قَالَ رَبِّ انصُرْنِي عَلَى الْقَوْمِ الْمُفْسِدِينَ)(العنكبوت30) بەچی سزا دران؟ (فَلَمَّا جَاء أَمْرُنَا جَعَلْنَا عَالِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمْطَرْنَا عَلَيْهَا حِجَارَةً مِّن سِجِّيلٍ مَّنضُودٍ)(هود82)، ئەمەش بەهەمان شێوە هەڵوێستی پێغەمبەرێك لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی!

دەربارەی پێغەمبەر شوعەیب(عليه السلام) و نەتەوەکەی دەفەرمووێ: (وَإِلَى مَدْيَنَ أَخَاهُمْ شُعَيْباً قَالَ يَا قَوْمِ اعْبُدُواْ اللّهَ مَا لَكُم مِّنْ إِلَـهٍ غَيْرُهُ قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ) لێرە باسەکە باسی (بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ)ەیە، ئینجا تەواوی دەکات (فَأَوْفُواْ الْكَيْلَ وَالْمِيزَانَ وَلاَ تَبْخَسُواْ النَّاسَ أَشْيَاءهُمْ وَلاَ تُفْسِدُواْ فِي الأَرْضِ بَعْدَ إِصْلاَحِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ)(الأعراف85)، ئەمانە هەمووی باسی ئیشەکانیان دەکات، بەڵام باسی (بَيِّنَةٌ)یە، واتە

ئەگەر كارتان بەم (بَيِّنَةٌ)تان كرد، هيچ لەمانەتان بەسەر دا نايەت! (وَلاَ تَقْعُدُواْ بِكُلِّ صِرَاطٍ تُوعِدُونَ وَتَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللهِ مَنْ آمَنَ بِهِ وَتَبْغُونَهَا عِوَجاً وَاذْكُرُواْ إِذْ كُنتُمْ قَلِيلاً فَكَثَّرَكُمْ وَانظُرُواْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ{86} وَإِن كَانَ طَآئِفَةٌ مِّنكُمْ آمَنُواْ بِالَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ وَطَآئِفَةٌ لَّمْ يْؤْمِنُواْ فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ)(الأعراف86-87) ئەم قسەيەی (فَاصْبِرُواْ حَتَّى يَحْكُمَ اللهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ) ئەوەی كە كرد، مانای وايە وەك ئەوەی بڵێ من لە بابەتەكە دەرچووم، من جێتان دێلم و ئێوەش خۆتان و گوناهی خۆتان! و ئێوەش دەدەمەوە دەست گوناهی خۆتان و من پەيوەنديم پێتان نامێنێت، و ڕۆڵم لێرە نەما و يەكسەر دەكشێتەوە و (حَتَّى يَحْكُمَ اللهُ بَيْنَنَا وَهُوَ خَيْرُ الْحَاكِمِينَ)، ئەمە ئەنجامی هەڵوێستی شوعەيب(عليه السلام) بووە، لۆ زانين لەسەرەتای قسەكانی شوعەيب(عليه السلام) ئەويش كە باسی (بَيِّنَةٌ) دەكات كە وەكو وشەی (اقرأ) كە دەفەرمووێ: (قَدْ جَاءتْكُم بَيِّنَةٌ مِّن رَّبِّكُمْ)(الأعراف85) كاتێك ئەو (بَيِّنَةٌ) فەرامۆشكرا، ئينجا ئەوانەی دی هەمووی بەدوای داهات، (قَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَنُخْرِجَنَّكَ يَا شُعَيْبُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ مَعَكَ مِن قَرْيَتِنَا أَوْ لَتَعُودُنَّ فِي مِلَّتِنَا قَالَ أَوَلَوْ كُنَّا كَارِهِينَ{88} قَدِ افْتَرَيْنَا عَلَى اللهِ كَذِباً إِنْ عُدْنَا فِي مِلَّتِكُم بَعْدَ إِذْ نَجَّانَا اللهُ مِنْهَا)(الأعراف88-89) ئەم گفتووگۆيە لە نێوان شوعەيب(عليه السلام) و نەتەوەكەی، ئينجا تەواوی دەكات (وَمَا يَكُونُ لَنَا أَن نَّعُودَ فِيهَا إِلاَّ أَن يَشَاءَ اللهُ رَبُّنَا وَسِعَ رَبُّنَا كُلَّ شَيْءٍ عِلْماً عَلَى اللهِ تَوَكَّلْنَا رَبَّنَا افْتَحْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ قَوْمِنَا بِالْحَقِّ وَأَنتَ خَيْرُ الْفَاتِحِينَ{89} وَقَالَ الْمَلأُ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن قَوْمِهِ لَئِنِ اتَّبَعْتُمْ شُعَيْباً إِنَّكُمْ إِذاً لَّخَاسِرُونَ{90}) لێرە چيپيان لێ دێت؟ (فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ{91} الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْباً كَأَن لَّمْ يَغْنَوْاْ فِيهَا الَّذِينَ كَذَّبُواْ شُعَيْباً كَانُواْ هُمُ الْخَاسِرِينَ{92} فَتَوَلَّى عَنْهُمْ وَقَالَ يَا قَوْمِ لَقَدْ أَبْلَغْتُكُمْ رِسَالاَتِ رَبِّي وَنَصَحْتُ لَكُمْ فَكَيْفَ آسَى عَلَى قَوْمٍ كَافِرِينَ{93})(الأعراف89-93)، ديسان ئەويش وەكو (أنبياء)ەكان دی لەوێ بوو، وەك ئەوەی كە بەرپرسيارێتييەكەی ئەوەندە بوو كە بيگەيەنێت(أبلاغ)، كاتێكيش گەياندی لێيان كشايەوە، يەكسەر نەتەوەكەی ئازاريان بەسەر سەپێنرا، خۆی و ئەوەی ئيمانيان هێنا پارێزران و ئەوانەی مانەوە تووشی ئازارەكەيان بوون، ئازارەكەش وەك دەفەرمووێت: (فَأَخَذَتْهُمُ الرَّجْفَةُ فَأَصْبَحُواْ فِي دَارِهِمْ جَاثِمِينَ)(الأعراف91) ئازارێكی زۆر ناخۆشە و قورس بووە، (خودا پەنامان بدات).

پاشان موسی(عليه السلام) دێت، ئاياتەكانی ئەو دێن، (ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِـ)بە چی نێردرا؟ (ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِآيَاتِنَا)(الأعراف103)، لەويش ئايەتەكان هەمووی (بَيِّنَةٌ) بوون، (ثُمَّ بَعَثْنَا مِن بَعْدِهِم مُّوسَى بِآيَاتِنَا إِلَى فِرْعَوْنَ وَمَلَئِهِ فَظَلَمُواْ بِهَا فَانظُرْ كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الْمُفْسِدِينَ)(الأعراف103) ئايەتەكان چی بوون؟ (فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ **آيَاتٍ مُّفَصَّلاَتٍ**)(الأعراف133) ديسان (سمع و بصر و فؤاد) ئيشی تێدا دەكات، ئەنجام چی بوو؟ (فَانتَقَمْنَا مِنْهُمْ فَأَغْرَقْنَاهُمْ فِي الْيَمِّ بِأَنَّهُمْ كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا وَكَانُواْ عَنْهَا غَافِلِينَ)(الأعراف136) ئاياتەكان چين؟ (فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الطُّوفَانَ وَالْجَرَادَ وَالْقُمَّلَ وَالضَّفَادِعَ وَالدَّمَ **آيَاتٍ مُّفَصَّلاَتٍ**)(الأعراف133) نەك مەبەست لە ئايەتەكان تەورات و ئينجيل بووبێت! زۆربەی كێشەی ڕاڤەكاران(مفسرين) ی ئەو نەتەوەيەی دەربارەی (تكذيب بآيات الله) لەلای ئەوان واتا (تكذيب بالقرآن) درۆكردن بە ئاياتەكانی الله(ﷻ) واتە درۆكردن بە قورئان، يان درۆكردن بە پێغەمبەر، كەچی لۆ زانين هەموو (أنبياء) ئاياتی بينراو و بيسراو (آيات مسموعة و مرئية)يان هێناوە، هەرهەموويان بەم جۆرە بوون، ئەگەر هاتوو ئێمە دابڕێنراين لە ئاياتە مەخلوقەكان، ئەوكاتە تەنيا بە جێبەجێكار دەمێنينەوە، فەرمانی خودای جێبەجێ دەكەين، نەك دابەزاندن (تنزيل) بكەين! ئەمەش جياوازی هەيە، لەبەرئەمەشە كە نەتەوەی ئيسلامی تووشی ئەم هەموو كارەساتانە دەبێت كە ئێستا تێيدايە و تێيدا دەخولێتەوە، خودای ڕەحمان زۆر ئاشكرايە لەگەڵ (أنبياء)، (آيَاتٍ مُّفَصَّلاَتٍ)(الأعراف133) (كَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا)(الأعراف136)، بەداخەوە

ڕاڤەکاران (مفسرين) زاناکانمان هەموویان دەڵێن کاتێك خودا باسی ئەو ئایاتانەی کردووە، باسی قورئانی کردووە، لۆ زانین خودای ڕەحمان بە دورودرێژی کە باسی ئەمە دەکات، ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستەت لە ئایاتەکان بریتییە لە ئایاتی بیسراوەیی و بینراوییە (آيات مسموعة و المقروءة)یە. دواتر بزانین موسی(عليه السلام) نزاکەی چی بوو، (وَقَالَ مُوسَى رَبَّنَا إِنَّكَ آتَيْتَ فِرْعَوْنَ وَمَلأَهُ زِينَةً وَأَمْوَالاً فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا رَبَّنَا لِيُضِلُّواْ عَن سَبِيلِكَ) واتا خودایە هەرچەند تۆ سامان و زینەیان پێ بدەیت ئەوان ئەوەندە لە ڕێگەی تۆ لا دەدەن، دوعاکەی چی بوو؟ (رَبَّنَا اطْمِسْ عَلَى أَمْوَالِهِمْ) پێغەمبەرە و دوعا دەکات، ئینجا دوعاکە تەواو دەکات (وَاشْدُدْ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَلاَ يُؤْمِنُواْ حَتَّى يَرَوُاْ الْعَذَابَ الأَلِيمَ)(يونس88) ئەمە دوعای موسی(عليه السلام)ە لە نەتەوەکە.

بەڵام کاتێك دیینە خزمەت پێغەمبەری ئێمە(عليه السلام و البركات)، ئەگەر سەیری هەڵوێستی بکەین، دوای ئەوەی ئایاتی هێنا، خستییە بەردەم نەتەوەکەی، نەتەوەکەی لە وەرگرتنی ئایاتەکان بوون بە چەندین پۆل، لەسەرەتا هاوەڵبڕیاردەر و کافر (مشرك و كافر) بوون، پاشان بوون بە ئیماندار و دووڕووو، لە نێو خاوەن ئیمانەکان (درجات) هەبوو، و لە نێو دووڕووان (دركات) هەبوو، بەڵام سەیری هەڵوێستی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) بکەین، ئەوا خراپترین پۆل کە دروست بوو لە نێو نەتەوەی ئیسلام، بریتی بوو لە دووڕووان، لۆ زانین لە نێو هیچ نەتەوەیەك پۆلی دووڕووان نەبوو، واتە هیچ پێغەمبەرێك چینی دووڕووی نەبووا! کە کەسێك نەبوو لە بواری دووڕوویی قسەی لەگەڵ بکات، تەنیا پێغەمبەرێك ئەم پۆلەی هەبوو بێت، پێغەمبەری خۆمانە(عليه السلام و البركات)، بەڵام تەماشای بکەین ڕۆڵی لەگەڵیان چۆن بووە؟ (إِذَا جَاءكَ الْمُنَافِقُونَ قَالُوا نَشْهَدُ إِنَّكَ لَرَسُولُ اللَّهِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ إِنَّكَ لَرَسُولُهُ وَاللَّهُ يَشْهَدُ إِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَكَاذِبُونَ{1} اتَّخَذُوا أَيْمَانَهُمْ جُنَّةً فَصَدُّوا عَن سَبِيلِ اللَّهِ إِنَّهُمْ سَاء مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ{2} ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ آمَنُوا ثُمَّ كَفَرُوا فَطُبِعَ عَلَى قُلُوبِهِمْ فَهُمْ لَا يَفْقَهُونَ{3} وَإِذَا رَأَيْتَهُمْ تُعْجِبُكَ أَجْسَامُهُمْ وَإِن يَقُولُوا تَسْمَعْ لِقَوْلِهِمْ كَأَنَّهُمْ خُشُبٌ مُّسَنَّدَةٌ يَحْسَبُونَ كُلَّ صَيْحَةٍ عَلَيْهِمْ هُمُ الْعَدُوُّ فَاحْذَرْهُمْ قَاتَلَهُمُ اللَّهُ أَنَّى يُؤْفَكُونَ)(المنافقون1)، ئەمانە هەمووی وەسفکردنی دووڕووانە، ئینجا وەسفی ژوورەوەو ودەروە و وەسفی جووڵە و چالاکییانە لە نێو کۆمەڵگە و بە تایبەتی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پێغەمبەر، وەسفی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) دەکات کەوا چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، کاتێك قسە دەکەن، هەڵوێستی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) چۆنە؟ تەنانەت دەرفەتیان پێ دەدات تا قسە و جووڵە و چالاکییان هەبێت لە نێو کۆمەڵگەی ئەوکات، هەڵسان و دانشتنیان زۆر سروشتی بێت، بەبێ ئەوەی دادگایی بکرێن، لۆ زانین (قل...، قل...) دەیانناسێت چین و کێن، لۆ؟ چونکە پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) فۆادی ئیشی دەکرد، سێ ئامێر هەیە لە جەستەی مرۆڤ، کە هەستی بینین(رؤية)یان هەیە:

یەکەم: چاو.

دووەم: فۆاد.

سێیەم: دڵ(قلب).

ئینجا ئەوەی کەوا دەربارەی چاو، خودای ڕەحمان لە قورئان باسی کردووە باسی (رؤية و البصر)ە کە ئەمانە کۆمەڵێ سیفاتێکیان هەیە، ئەم ئامێرەی پێی دەبینین چاو(عين)ە، پاشان باسی فۆاد دەکات، بە تایبەتی دەربارەی (فۆاد)ی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) دەفەرمووێت: (مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى)(النجم11) کەواتە (فۆاد)ی پێغەمبەرمان دەبینێت، لەبەرئەمەیە لە فەرموودەی صحيح فەرموویەتی: (هەروەك چۆن لە پێشەوە بە چاو دەتان بینم بە هەمان شێوە لە دواوەش دەتانبینم)، تەنانەت دەیبینی هاوەڵان

له ماڵەوە چی دەکەن، جگە لەمە دەبینی لە دوای خۆی نەتەوەکەی چۆن (قوسطەنطینیە و کیسرا) ڕزگار دەکەن! ئەمە هەموو (رؤیة)ی (فؤاد)یی پێدەگووترێت، بینینێکی تر پێیدەگوترێت (رؤية قلبية) وەك دەفەرمووێ: (فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ)(الحج46)، کەواتە (قلوب) کوێرییەکی هەیە، جۆرە کوێرییەك هەیە کە (قلب)ی مرۆڤ تووشی دەبێت، کەواتە چاوی (عین)ی، و چاوی (قلب)ی، و چاوی(فؤاد)ی هەیە، پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) بەم چاوە (فؤاد)ییەی دەبینی کە دووڕووەکان کێن، بەڵکو دەیبینی چۆن جووڵە دەکەن، نەك تەنیا هەر ئەوەندە، بەڵکو گوێبیستی دەنگەکانیان دەبووا! فەرموودەمان هەیە پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) لەسەر پشتی گوێدرێژەکەی کە لە دوورەوە دێت بۆ لای کۆمەڵێك لە دووڕووەکان کە دانیشتوون و گاڵتەی پێ دەکەن، کە دێتە پێش سەلام دەکات، لەبەرئەوەی دووڕوون هەڵدەستن و بەخێرهاتنی لێ دەکەن، و ڕیزی دەگرن و پایەی لۆ دادەنێن، داوای لێ دەکەن کە لە لایان دانیشێت، ئەوان بەر لەگەیشتنی بەرێزیان گووتیان بۆنی لە بۆنی گوێدرێژەکەی ناخۆشترە! بەڵام ئەویش لە دوای داوایەکەیان دەفەرمووێت: (تاکو بۆنی ناخۆشم لۆتان نەیەت لەبەرئەمە لەلاتان دانانیشم! ئەوانیش لە ئەنجام دەڵێن بمانبوورە مەبەستمان گاڵتەکردن بووا قسەی لەم جۆرە دەکەن، بەڵام خودای رەحمان ئایەتی دابەزاند (وَلَئِن سَأَلْتَهُمْ لَيَقُولُنَّ إِنَّمَا كُنَّا نَخُوضُ وَنَلْعَبُ قُلْ أَبِاللّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ)(التوبة65) لەگەڵ ئەمەش پێغەمبەر دەیبینی، هەروەها پێغەمەر گوێی لێ دەبوو، هەستی پێدەکرد، دەیزانی ئەوانە دووڕوون، تەنانەت فینتەی دایکی ئیمانداران (عائيشة) دووڕوان دروستیان کرد، دەیزانی کێیە! لەگەڵ ئەمەش هەڵوێستی نەرێنی نەبوو لەگەڵی، نەك هەر نەرێنی نەبوو بەڵکو جۆرێکی دی بوو، کە دواتر دێینە سەر باسکردنی.

لەبەرامبەر دووڕووان بزانین چی دەفەرمووێ؟ هەر دووڕووانن کە (الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ)(التوبة79) کۆمەڵێك لە ئیمانداران دەستیان کورت بوو و توانستیان دیاریکراو بوو، پارەیەکی کەمیان دەهێنایە خزمەت پێغەمبەر لۆ ئەوەی بەشداری لە خێر و (الصدقات) بکەن، کە گرۆی ئیمانداران پێویستییان پێی بوو، کەچی دووڕووان گاڵتەیان پێدەکردن، توانجیان لێ دەدان، نوکتەیان لەسەر دروست دەکردن، (الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لاَ يَجِدُونَ إِلاَّ جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ)(التوبة79) گاڵتەیان پێ دەکردن! خودا ئاوا دەفەرمووێ، کەچی سەیری هەڵوێستی پێغەمبەرمان بکەن بزانن چۆنە؟ (اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِاللّهِ وَرَسُولِهِ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ)(التوبة80)، بێگومان پێغەمبەرمان(علیه السلام و البرکات) دەزانێت ئەوان کوفریان بەرامبەری کردووە، لەگەڵ ئەمەش (أستغفار)ی لۆ دەکردن، بەراوردکارییێك بکەین لە نێوان ئەو پێغەمبەرەی(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ ئەو پێغەمبەرانەی کە دوعایان لە نەتەوەکەی خۆیان دەکردا ئەگەرچی ئەوانە دووڕوو و تاوانکار بوون، واتە حەیای خێزانەکانی پێغەمبەریان دەڕووشان! جنێویان بە خێزانەکانی دا! لەگەڵ ئەمەش باسی (أستغفار) دەکات لۆیان! یەك لەمانە سەرۆکی دووڕووان ناوی (عبدالله بن أبي بن سلول) بوو، مێژوویەکی دوورودرێژی لەگەڵ پێغەمبەرمان هەیە، ئەو کەسە مرد، کوڕەکەی هاتە خزمەت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و گووتی یا رسول الله باوکم کوچی دوایی کردووە، فەرمووی دوای ئەوەی کە دەیشۆیت بانگم بکە، ئەوەبو لەم ساتەی شۆردرا، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) چووە سەری، ئینجا کراسەکەی سەر جەستەی خۆی داکەند و دایە عبداللهی کوڕی و گووتی لەبەری بکە، پاشان کشایەوە تاکو کفن و ئامادەکارییان لۆی کرد، ئینجا ویستی نوێژی لەسەر بکات، لەم ساتە عومەری کوڕی خەتاب لە پشتی بوو، و خۆی لە پێغەمبەر نزیك کردەوە و خۆی کێشا بە ئانیشکی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، بەو مانایەکە نوێژ نەکەیت باشە، بەڵام پێغەمبەر(علیه السلام

و البركات) به گوێی عومەری نەکرد، دیسان بۆ جاری دووەم پێشەوا عومەر هەمان هەڵوێستی دووبارە کردەوە! بەڵام بزانین چی فەرمووە؟ (أخر عني يا عمر إني خيرت فأخترت، لو أني أعلم أني لو زدت عن السبعين يغفر له لزدت عنها) خودا دەفەرمووێ: (اسْتَغْفِرْ لَهُمْ أَوْ لاَ تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ إِن تَسْتَغْفِرْ لَهُمْ سَبْعِينَ مَرَّةً فَلَن يَغْفِرَ اللّهُ لَهُمْ)(التوبة80) واتە ئەگەر (70) جاریش (إستغفار)ی لۆ بکەی ئەوا خودا هەر لێی خۆش نابێت، فەرمووی لە حەفتا جاری زیاتری دەکەم! لۆ؟ چونکە نایەوێت بچێتە جەهەنەم، ئەویش کەسایەتی بەم جۆرە بوو! بەم جۆرەی کە زانراوە ئازاری پێغەمبەری دەدا! بەم جۆرە لە دژی پێغەمبەر جووڵەی دەکرد، کەچی ئەویش دەفەرمووێ ئەگەر بزانم لە حەفتا جار زیاتر (إستغفار)ی لۆ بکەم خودای ڕەحمان لێی خۆش دەبێت، ئەوا (إستغفار)ی زیاتری لۆ دەکەم! ئەوەیە هەڵوێستی پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) لەگەڵ خراپترین توێژ لەنێو کۆمەڵگە، گەندەڵترین چین، کە گەورەترین هێزی دوژمنایەتی هەبووە، ئەوانیش دووڕووان، کەچی هەڵوێستی لەگەڵیان بەم جۆرە بووە، ئینجا دەپرسین ئەگەر لەگەڵ دووڕووان بەم جۆرە بێت، ئەی دەبێت لەگەڵ گرۆی ئیماندارانی خۆی چۆن بێت؟ لەگەڵ هاوەڵە بەڕێزەکان چۆن بووە؟

هەڵوێستی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بەرامبەر ئیمانداران:

باسەکە بەم ئایەتە دەست پێ دەکەین کە دەفەرموێت: (آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مِن رَّبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللّهِ وَمَلآئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّن رُّسُلِهِ وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ{285} لاَ يُكَلِّفُ اللّهُ نَفْساً إِلاَّ وُسْعَهَا لَهَا مَا كَسَبَتْ وَعَلَيْهَا مَا اكْتَسَبَتْ رَبَّنَا لاَ تُؤَاخِذْنَا إِن نَّسِينَا أَوْ أَخْطَأْنَا رَبَّنَا وَلاَ تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْراً كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلاَ تُحَمِّلْنَا مَا لاَ طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنتَ مَوْلاَنَا فَانصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ{286})(البقرة285-286) پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات) هەتا دونیا مابێت ئەم دوعایە لۆ گرۆی ئیمانداران دەکات و بەپشتیوانی خودای ڕەحمان ئێمەش دەبینە بەشێك لەم کۆمەڵەی کە خۆشەویست دوعای لۆ کردوونە، لە نێو ئەو پۆل و ئەو گرۆیە قبوڵ دەکرێین، بێگومان دەیەها ئایاتی لەم جۆرە لە قورئاندا هەیە، کە باسی شوێنگەی ئەو پێغەمبەرەمان دەکات، بەبەراورد لەگەڵ (أنبياء و المرسلين)ی دی لەگەڵ نەتەوەکانیان، خودای ڕەحمان وەکو خۆی فەرموویەتی بە پشتیوانی الله ئەو دوعایەی لۆ دەکەین (اللهم آته الوسيلة و الفضيلة) و خۆی فەرموویەتی لەدوای بانگدان، ئەم دوعایەم لۆ بکەن، کە کردەییانە شایەنی ئەو پلەیە و هێشتا زیاتریش،دەبێت ئەمەش بزانین کاتێك داوای کردووە ئەم شوێنەی بۆ داوابکەین لە خودای ڕەحمان ئەوا (عليه السلام و البركات) ئەو داوایەشی هەر لۆ خۆی نەبووە بەڵکو بۆ ئەوەی بووە لەم پلەیە شەفاعەت لۆ نەتەوەکەی بکات! پێغەمبەرێکیش بێت بەم جۆرەی، و بەم لوتفەی، و بەم دلۆڤانییەی، و بەم نەجیبییەی، لەگەڵ هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە ئەو سەردەم، بە بەرزترین ئاستی ژیاریی و شارستانی مامەڵە بکات، هەموو ئامانجیشی ئەوەبێت کە کردەییانە یەکەم جار هاوەڵبڕیاردەرو کافر و دووڕووەکان(المشركين و الكافرين و المنافقين) بنێرێتە بەهەشت، پاشان ئینجا ئیمانداران! هەروەك چۆن دکتۆرێکی ئاست بەرز و دلۆڤان و بە لوتف مامەڵە لەگەڵ نەتەوەی خۆی بکات، و بەنەخۆشی هەژمار بکات نەك بە تاوانکار و بەدوژمن، هەموو کاتێك غەمی ئەوە بێت چۆن بتوانێت ببێتە هۆکاری خێریان، لە ئاستی پێغەمبەرەکەیتی کە کردەییانە نەتەوەکەشی بەم جۆرە بێت، و کردەییانە ئەگەر نەتەوەکەی لەگەڵی ڕاستگۆبن، و بەشێك لە دلۆڤانییەکەی ئەویان لەلا بێت، بە بۆچوونی من ئەوانیش دەبێ هەمان ڕۆڵ ببینن، بە پلەی یەکەم ئەوانەی کەوا ئێمە وای لۆ دەچین کەوا لە ئایین دوورن، زیاتر لەگەڵ ئەو کەسانە بە ڕەحم بین و بە لوتف بین لەگەڵیان، ئینجا پاشان لەگەڵ ئەو دەستەیەی کە لەناو ماڵی ئیسلامن، کە ئەوانیش وتاری تایبەتی خۆیان دەوێت.